# پرەنسیپەکانی پەیوەندی لەگەڵ خودا



# پەیڕەوی بە قووتابی کردن



و. قەشە زاگرۆس سەعید عەلی

Jüngerschafts-Prinzip Heft 2 kurdisch sorani

# پرەنسیپەکانی پەیوەندی لەگەڵ خودا

## پەیڕەوی بە قووتابی کردن

Tel: 2240797
E-mail: kurdzmanchurch@gmail.com

پرەنسیپەکانی پەیوەندی

ئامادەکردنی: د. سامح مۆریس

وەرگێڕانی: قەشە زاگرۆس سەعید عەلی

# ناوەرۆك

پێشەكی ........................................ ٥
باوەڕ ........................................ ٧
پرسیارەكانی جێبەجێ كردن لە باوەڕدا ........................................ ١٣
خۆشەویستی ........................................ ١٥
پرسیارەكانی جێبە جێ كردن لە خۆشەویستیدا ........................................ ٢٥
هیوا ........................................ ٢٨
پرسیارەكانی جێبە جێ كردن لە هیوا دا ........................................ ٣٦

تێبینییەکان

## باوەڕ خۆشەویستی هیوا

(١کۆ ١٣: ١٣) ﴿جا ئەوەی دەمێنێتەوە باوەڕ هیوا و خۆشەویستیە، ئەمانە سێ شتن، بەڵام خۆشەویستی لەهەموویان مەزنترە﴾

(کۆلۆ ١: ٤، ٥) ﴿چونکە هەواڵی باوەڕتان بە عیسای مەسیح پێمان گەیشت لەگەڵ ئەو خۆشەویستیەی هەتانە بەرامبەر هەموو خوشك و برایانی پیرۆز، لە پێناوی ئەو هیوایەی خودا ئامادەی کردووە بۆتان لەئاسمان...﴾

(١ تس ١: ٣) ﴿هەمیشە لەبەردەم خودای باوك یادی کرداری باوەڕو ماندووبوونی خۆشەویستی و ئارام گرتنی هیواتان لە عیسای مەسیحی خوداوەند دەکەین﴾.

(١تس ٥: ٨) ﴿بەڵام ئێمەی ڕۆڵەی ڕۆژ بابەخەبەر بین، سپەری باوەڕو خۆشەویستی لەبەر بکەین، کڵاوی ئاسنینی هیوای ڕزگاری لەسەر بکەین﴾

(پۆلسی نێرراو لەچەندین شوێن جەخت لەسەر گرنگی ئەم سێ کۆڵەکە بناغەیی یە لەپەیوەندیمان لەگەڵ خودا و خەڵکی دەکاتەوە کە هەر یەك لەمانە لە پەیڕە و کردندا دەربڕی دیدو ناوەڕۆکن بۆ پەیوەندی).

### (أ) باوەڕ مەرجی ڕەهایە بۆ پەیوەندی لەگەڵ خودا:

چونکە ئیمە لەبەرەکەت دەژین لەگەڵیدا کەواتە باوەڕ تاکە ئامرازێکە بۆ ئەوەی بەرەکەت و دیاری پیرۆز بەدەست بهێنین هەروەها مۆڵەتی نێشتەجێ بوون لەو بەرەکەتە دەوڵەمەندەدا بەدەست بهێنین.

(عیب ١١: ٦) ﴿بەبێ باوەڕ ڕەزامەندی خودا بەدەست نایەت ، چونکە ئەوەی بیەوێ لە خودا نزیك بێتەوە، دەبێ باوەڕی بەبوونی ئەو هەبێ. هەروەها باوەڕی بەوە هەبێ خودا پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کەبەدوایدا دەگەڕێن﴾

### (ب) وە خۆشەویستی ڕاسپاردەی ڕەها و یاسای خودایی یە لەپەیوەندیەکاندا:

ڕاسپاردەکەش ئەوەیە کە خۆشەویستیت هەبێ چونکە پەیوەندی هاوبەشیکردنە لە خۆشەویستی.

وە خۆشەویستی تەواوکاری شەریعەتە، وە خۆشەویستی شەڕدروست ناکات نەبۆ نزیك نەبۆ دوورترین.

(مەت ٢٢: ٣٦ - ٤٠) ﴿مامۆستا، چ ڕاسپاردەیەك مەزنترین ڕاسپاردەیە لەشەریعەتدا؟ عیسا وەڵامی دایەوە: (خوداوەند خوداتت خۆش بوێ بەهەموو دڵ و هەموو گیان و هەموو بیرتەوە ئەمە مەزنترین و یەکەم ڕاسپاردەیە. دووەمیشیان وەك ئەو وایە: ئەوەی لێت نزیکە وەك خۆت خۆشت بوێ: جا شەریعەت و پێغەمبەران هەموو بەم دوو ڕاسپاردەیە بەندن﴾

تێبینییەکان

(ڕۆ ١٣: ١٠) ﴿ئەوەی نزیکەکەی خۆش بوێ خراپە بەرامبەری ناکات، ئیتر بەم شێوەیە خۆشەویستی دەبێتە تەواو کاری هەموو شەریعەت﴾.

## (ج) وە هیوا ئەو ئاواتە ڕەهایەیە کە تیایدا دەژین:

هیوای دەرکەوتنی ڕزگارکارمان.. هیوای قوربانی جەستەمان.. هیوای ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ کە چاکە تیایدا نیشتەجێ یە.. ئەوە وامان لێ دەکات بەخۆڕاگریەوە داڵان بەخۆدا بگرین وەبە هەموو هێزێکە وە ڕابکەین بەرەوهێڵی کۆتایی زەمانە هەرچەندە ئەم تەنگانە کاتی یە زیاتر و زیاتر بکات ئەوا قورسایی شکۆی تاهەتایی دروست دەکات

(ڕۆ ٨: ١٨) ﴿من دڵنیام ئازاری ئێستا هیچ نیە گەر بەراوورد بکرێ لەگەڵ ئەو شکۆمەندیەی لەدا هاتوو پێمان ڕادەگەیەنرێ﴾

(ڕۆ ٨: ٢٣) ﴿تەنها ئەمە نا، بەڵکو ئێمەش کەپێشەبەرەی ڕۆحی پیرۆزمان هەیە، بەپەرۆشەوە چاوەڕێی ئەوە دەکەین خودا ئێمە بە منداڵی خۆی دابنێ، لەشمان بەخوێن بکڕێتەوە﴾

(ڕۆ ٨: ٢٥) بەڵام گەر ئێمە ئاواتی شتێك بخوازین کە لەبەردەستمان نیە، ئەوسا بە داڵان بە خۆگرتنەوە چاوەڕێی دەکەین﴾

(فیلیپی ٣: ١٠، ١١) ﴿ئەوەی مەبەستی منە ناسینی مەسیح و هێزی هەستانەوەیەتی، هەروەها بەشداری بکەم لە ئازاری، وەك ئەو بم لەمردنی، تاکو گەر بێ بگەم بەئاستی هەستانەوەی لە نێو مردووان﴾

تێبینییەکان

# أ- باوەڕ

(عیب ١١) هەموو بەشەکە
(٢ کۆ ٥: ٧) ﴿چونکە ئێمە بەباوەڕ دەڕۆین نەك بە بینراو﴾
(ڕۆ ١٠: ١٧) ﴿کەواتە باوەڕ بەهۆی بیستن پەیدا دەبێ، بیستنیش لە ڕاگەیاندنی ووشەکانی مەسیح دێت﴾.
(غەڵ ٥: ٦) ﴿باوەڕ بە هۆی خۆشەویستیەوە کاردەکات﴾.
(٢ کۆ ٤: ١٨) ﴿چونکە ئێمە تەماشای شتە بینراوەکان ناکەین، بەڵکو تەماشای شتە نەبینراوەکان دەکەین، چونکە شتە بینراوەکان کاتیین، بەلاّم شتە نەبینراوەکان هەمیشەیین﴾.
(٢ تیمۆ ١: ١٢) ﴿چونکە دەزانم باوەڕم بەکێ هەیە، دڵنیام خودا دەتوانێ پارێزگاری ئەو شتەم بۆبکات کە بۆی داناوم تا ئەو ڕۆژە﴾.

## (١) ناساندنی باوەڕ:

١- باوەڕ دژی هۆشمەندی نیە، بەڵکو یەکسانکارێکی تەواوە کە لەڕێگەیەوە ڕاستی تێدەگەین و پێشوازی لێدەکەین...
٢- بەلاّم دژی شتە بینراوەکانە...
(٢ کۆ ٥: ٧) ﴿چونکە ئێمە بەباوەڕ دەژین نەك بە بینراو﴾...
(یۆ ١١: ٤٠) ﴿جا عیسا پێ ی ووت: پێم نەووتی گەر باوەڕت هەبێ شکۆمەندی خودا دەبینی؟﴾ نەك بە پێچەوانەوە.
- ئەوەش بازدانێکی کوێرانە نیە لە ناوتاریکی، بەڵکو هۆشمەندیە و ئەو شتەیە کە ئەبێت، تەنها باوەڕ دەکەم بەوەی کە نایبینم. چونکە ئەو نەبینراوە.
(٢کۆ ٤: ١٨) چونکە ئێمە تەماشای شتە بینراوەکان ناکەین، بەڵکو تەماشای شتە نەبینراوەکان دەکەین، چونکە شتە بینراوەکان کاتیین، بەلاّم شتە نەبینراوەکان هەمیشەیین﴾
٣- تەنها دان پیانان نیە بەڵکو ژیان و هەڵس و کەوتە.
- ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هەست نەکردن بێ بە ترس و تەنگەژەیی، بەلاّم متمانە بەخۆبوون پاڵنەری مرۆڤە بۆ هەنگاونان وە ژیانێك کە بنیادنرابێ لەسەر متمانە بوونت بەئەو.
(ڕۆ ١: ١٧) ﴿ئەوەی بەباوەڕ بێ تاوان دەبێ، دەژی﴾.
(عیب ١١: ٨) ﴿بەباوەڕ کاتێ ئیبراهیم بانگکرا بڕوات بۆ ئەو شوێنەی دواتر بەمیرات وەریدەگرێ، گوێڕایەڵی خودا بوو و ڕۆیشت، هەر چەندە نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێ﴾.
٤- باوەڕمان بەشتەکان و ڕووداوەکان نیە، بەڵکو بەکەسایەتیەکی زیندووە، ومتمانەمان بەهەموو ئەو ووشانەیە کە پێمان دەڵێ وە ئەوکارانەی کە لە پێناوماندا

تێبینییەکان

دەیکات نەك ئەوەی ئێمە دەیڵێین یاخود دەیکەین.
﴿بەبێ باوەڕ ڕەزامەندی خودا بەدەست نایەت، چونکە ئەوەی بیەوێ لەخودا نزیك بێتەوە، دەبێ باوەڕی بەبوونی ئەو هەبێ. هەروەها باوەڕی بەوە هەبێ خودا پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کەداوای ئەودەکەن﴾ (عیب ١١: ٦)

**(٢) هەندێ نیشانەی باوەڕ لەڕێگەی (عیبرانیەکانەوە بەشی ١١)**

١ـ بەو هۆیە تێدەگەین:
(عیب ١١: ٣) ﴿بە باوەڕ دەزانین هەموو جیهان بەهۆی ووشەی ئەوەوە دروست بووە، تەنانەت هەموو ئەو شتانەی دەیبینین، لەشتێك هاتوتە کایەوە کەوا نایبینین﴾.
ـ مامەڵە کردنەکانی خودا لەگەڵمان: ئێمە لەڕێگەی باوەڕمانەوە بەخودا وکەسایەتی خودا و ڕێگەی خودا لەڕووداوەکان تێدەگەین.
ـ مەبەستی خودا لە ژیانمان: ﴿ئێمە کرداری خوداین، ئەو دروستی کردین لە عیسای مەسیح دا بۆ کاری چاکە، ئەوەی لە پێشا ئامادەی کردوە بۆمان تالەسەری بڕۆین﴾ (ئەفە ٢: ١٠).
٢- بەهۆیەوە لەخودا دەترسین نەك لە جیهان
(ڕۆ ٣: ١٨) ﴿ترسی خودا لە پێش چاوەکانیان نیە﴾
(٢ کۆ ٥: ١١) ﴿چونکە ئێمە دەزانین ترسی خوداوەند لەدڵماندایە﴾
٣- بەهۆیەوە ملکەچین
(عیب ١١: ٨) ﴿بەباوەڕ کاتی ئیبراهیم بانگکرا بڕوات بۆ ئەو شوێنەی دواتر بەمیرات وەریدەگرێ، گوێڕایەڵی خودا بوو و ڕۆیشت، هەرچەند نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێ﴾
ـ ڕاسپاردەکانی خوداوەند: نمونەی دەرکردنی دەیەك، لێبوردن لە بەرامبەر، وەسازش لەمافەکان
ـ دەنگی خوداوەند بۆ ئێمە و بانگەوازەکەی بۆ ژیانمان
٤ـ بەهۆیەوە بایەخ دارترین شتمان پێشکەش دەکەین لە پێش شتە بێ بایەخەکاندا.
دوو نموونە:
ـ ئیبراهیم: ﴿بەباوەڕ ئیبراهیم ئیسحاقی کوڕی پێشکەش کرد کاتێ کە لەتاقی کردنەوەدا بوو ئەوتاقە کوڕەی بە بەڵێن لە خودا وەریگرتبوو﴾ (عیب ١١: ١٧)
ـ موسا: ﴿بەلای موسا ئەو ڕیسواییە ی لەپێناوی مەسیح چەشتی، نرخی زیاتر بوو لە گەنجینەی میسر، چونکە ئەو دەیڕوانیە پاداشتی خودا﴾ (عیب ١١: ٢٦).
ـ خۆڕاگری لەکاتی چەوساندنەوە: ﴿هەندێکی تریان تووشی ئازارو سووکایەتی و بەقامچی لێدان و کۆت و زنجیرو بەندیخانەبوون﴾ (عیب ١١: ٣٦).
٥ـ بەهۆیەوە بەڵێنەکان بەدەست دەهێنین

تێبینییەکان

- بەڵێنەکانیان بەدەست هێنا: ﴿بەهۆی باوەڕیان ئەوانە توانیویانە: زاڵبن بەسەر پادشاهێتیەکان، دادپەروەری بهێننەکایەوە، بەڵێنی خودا بەدەست بهێنن، دەمی شێرەکان دابخەن﴾ (عیب ١١: ٣٣)

- کاری پەرجویان ئەنجامدا: (عب ١١: ٣٣)

- لەمەترسی وبڤە ڕزگاریان بوو: ﴿ئاگری کردار بکوژێننەوە، لەژێر تیخی شمشێر ڕزگاریان بوو، لەکاتی بێ هێزی بەهێز بن، لەمەیدانی شەڕبن بەپاڵەوان، لە شکری بێگانەیان ڕاوە دوونا﴾ (عیب ١١:٣٤).

- بەهێزبوون لە لاوازیدا، بوونە پاڵەوان لە ململانێ ی ڕۆحیدا.

**(٣) چۆنێتی ئەمە و ئەوشتانەی لەکاری دەخات یاخود پەکیدەخات:**

**١- ئاراستەی تێڕوانین وڕوانگە**

(زە ١٦ : ٨) ﴿هەمیشە خودوەندم لەبەرچاوە، ئەو لەلای دەستە ڕاستمەوەیە،نەوەك باوەڕم بێ هێزبێت﴾.

(عیب ١٢: ٢) ﴿هەمیشە سەیری سەرۆك ی باوەڕ و تەواوکارەکەی واتە عیسای مەسیحمان دەکەین﴾.

شتەکان - بارووددۆخ - سەیری خۆمان یاخود سەیری کەسێتی ئەو بکەین نموونە: چیرۆکی پەترۆس و ڕۆیشتنی بەسەر ئاودا (مەت ١٤: ٢٢ - ٣٣)

**٢- زانیاریم لەبارەیەوە**

خۆشەویستی یە - بەتوانایە - دانایە - سەرڕاستە (فیلیپی ٣: ١٠) ﴿ئەوەی مەبەستی منە ناسینی مەسیح و هێزی هەستانەوەیەتی، هەروەها بەشداری بکەم لەئازاری، وەك ئەوبم لەمردنی﴾

(٢ پەت ٣: ١٨) ﴿بەڵکو گەشەبکەین لەبەرەکەت و ناسینی خودوەند و ڕزگارکەرمان عیسای مەسیح﴾

(٢ تیمۆ ١: ١٢) ﴿لە پێناوی ئەوە ئێستا ئەم ئازارانە دەچێژم، بەڵام شەرمی پێوە ناکەم، چونکە دەزانم باوەڕم بەکێ هەیە، دڵنیام خودا دەتوانێ پارێزگاری ئەوشتەم بۆبکات کەوا بۆی داناوم تا ئەو ڕۆژە﴾.

**٣- توانست**

لەسەرمە کە ڕێگەی باوەڕ هەڵبژێرم نەك بینراو

﴿ئەگەر هێندەی دەنکە خەرتەلەیەك باوەڕتان هەبوایە، بەو کێوە دەڵێن:

لێرە بڕۆ بۆ ئەوێ دەڕوات، و هیچ شتێك نیە تیایدا بێ توانابن﴾

(مەت ١٧: ٢٠).

**(٤) بڤە و مەترسی بێ باوەڕ بوون**

تێبینییەکان

١- هیچ شتێك بەدەست ناهێنێت لەخوداوەند (یا ١: ٦، ٧) ﴿بەلأم با بە باوەڕ داوای بکات و هیچ گومانی تیادا نەبێ، چونکە ئەوەی گومان دەکات وەك شەپۆلی دەریا وایە بادەیهێنێت و دەیبات. ئەو جۆرە مرۆڤە نابێ بیرلەوە بکاتەوە شتێك لەخوداوەند بەدەست دەهێنێ﴾.

(مەر ٦: ٥، ٦) ﴿بەم شێوەیە نەیتوانی هیچ کارێکی سەرسووڕ هێنەر بکات، تەنها ژمارەیەکی کەم ی لە خەڵکی چاك کردەوە. ئەویش بە دەست دانان لەسەریان سەری سووڕما لە بێ باوەڕییان. ئینجا گەڕا بەلادێ یەکانی دەورووپشت و دەستی کرد بەفێرکردنیان﴾.

٢- سووکایەتی کردنە بەخوداوەندو بە درۆزنی دادەنێیت.

(ژمارە ١٤: ١١) ﴿خوداوەندیش بەموسای فەرموو: تاکەی ئەم گەلە سووکایەتیم پێ دەکات و تاکەی دانم پیانانێن بەهەموو ئەونیشانانەی لە نێوانیاندا کردم؟﴾

(١ یۆ٥: ١٤) ﴿ئەمەش ئەو متمانەیە کە هەمانە بەو: گەر بەپێ ی ویستی خۆی داوای هەرشتێك بکەین گوێمان لێ دەگرێ﴾.

(٥) هێزی باوەڕ

- قبوڵ کردنی دیاری و بەڵێن: خودا پیرۆز دەکەیت و ڕێزی لێ دەگری لەبەر چاوی گەل.

- سەلماندن و دان پیانانی بەرەکەتی خودایی لەدەستی بەهێزی خوداوەیە؟

کە پەرجوەکان سەرسووڕهێنەرەکان دروست دەکات.

١- بەباوەڕ مەسیح وەکو خوداوەند و ڕزگارکار قبوڵ دەکەین - بەهۆیەوە بێ تاوان بوون و ژیانی نوێ بەدەست دەهێنن ﴿خودا بەبەرەکەت بەهۆی باوەڕتان ڕزگاری کردن، ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵدانی خۆتان نەبوو، بەڵکو دیاری خودابوو.﴾ (ئەفە ٢: ٨)

٢- بەباوەڕ بەڵێنی ڕۆح ی پیرۆز قبوڵ دەکەین.

﴿ئەوەی باوەڕم پێ بهێنی، لەناوەڕۆکیدا ڕووباری ئاوی ژیان دەڕوات﴾ (یۆ ٧: ٣٨)

٣- بەباوەڕ ڕێگەی خودا دەگرینەبەر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ.

﴿چونکە ئێمە بە باوەڕ دەڕۆین نەك بە بینراو﴾ (٢ کۆ٥: ٧).

٤- بەباوەڕ وەڵامی نوێژەکان بەدەست دەهێنین: لەپێناوی خۆماندا - لە پێناوی خەڵکانی دیکە - لە پێناوی پادشایەتی ئاسمان.

(یا ١:، ٦، ٧) ﴿بەلأم با بەباوەڕ داوای بکات و هیچ گومانی تیادا نەبێت، چونکە ئەوەی گومان دەکات وەك شەپۆلی دەریا وایە با دەیهێنێت و دەیبات ئەو جۆرە مرۆڤە نابێ بیر لەوبکاتەوە شتێك لەخوداوەند بەدەست دەهێنێ﴾

تێبینییەکان

## شایەتەکان لەبارەی باوەڕەوە

(یا ١ : ٦،٧) ﴿بەڵام با بەباوەڕ داوای بکات و هیچ گومانی تیادا نەبێ، چونکە ئەوەی گومان دەکات وەك شەپۆلی دەریا وایە بادەیهێنێت ودەیبات ئەو جۆرە مرۆڤە نابێ بیر لەوەبکاتەوە شتێك لەخوداوەند بەدەست دەهێنێ﴾

(یا ٥: ١٥) ﴿ئەو نوێژەی بەباوەڕ دەکرێت نەخۆش چاك دەکاتەوە وخوداوەند هەڵی دەسێنێتەوە، گەر گوناهێکی کردبێت خودا لێی خۆش دەبێت﴾.

(١ یۆ ٥: ١٤) ﴿ئەمەش ئەو باوەڕ و متمانەیەیە کەهەمانە بەو، گەر بەپێ ی ویستی خۆی داوای هەر شتێك بکەین گوێمان لێ دەگرێت﴾.

(ژمارە ١٤: ١١) ﴿خوداوەندیش بەموسای فەرموو: تاکەی ئەم گەلە سووکایەتیم پێ دەکات وتاکەی باوەڕم پێ ناکەن بەهەموو ئەو نیشانانەی لە نێوانیاندا کردم؟.

(ژمارە ٢٠: ١٢) ﴿خوداوەندیش بەموسا و هارونی فەرموو: لەبەر ئەوەی باوەڕتان بەمن نەکرد تا پیرۆزم بکەن لەبەر چاوی نەوەی ئیسرائیل، بۆیە ئەم کۆمەڵە نابەنە ناو ئەو خاکەی پێم داون﴾.

(مەتتا ١٥ : ٢٨) ﴿ئینجا عیسا ووتی: خوشکە، باوەڕی تۆ مەزنە، ئەوەی داوای دەکەیت بابۆت بێت. ئەوە بوو کچەکەی دەست بەجێ چاك بووەوە﴾.

(مەتتا ٢١: ٢١) ﴿وەڵامی دانەوە: ڕاستیتان پێ دەڵێم: گەر باوەڕتان هەبێت و گومان نەکەن، نەك هەروەك ئەوەی بەم دارەم کرد دەتوانن بیکەن، بەڵکو ئەگەر بەو شاخە بڵێن هەڵکەنرێ و بکەوە ناودەریاوە، بەم شێوەیە دەبێت﴾.

جا هەموو ئەو شتانەی لە نوێژدا بەباوەڕوە داوای دەکەن، وەریدەگرن﴾.

(مەر ٥: ٣٤) ﴿ئینجا عیسا بەژنەکەی ووت: کچم باوەڕت بووچاکی کردیتەوە، بڕۆ دڵنیا بە، چاك بوویتەوە لەنەخۆشیەکەت﴾.

(مەر ٦: ٥، ٦) ﴿بەم شێوەیە نەیتوانی هیچ کارێکی سەرسووڕهێنەر بکات، تەنها ژمارەیەکی کەمی لە خەڵکی چاك کردەوە. ئەویش بەدەست دانان لەسەریان سەری سووڕما لەبێ باوەڕییان. ئینجا گەڕا بەلادێیەکانی دەورووپشت و دەستی کرد بە فێرکردنیان﴾.

(مەر ٩: ٢٣) ﴿عیسا پێی ووت: گەر بتوانی؟ ئەوەی باوەڕ بهێنێ هەموو شتێکی بۆ دەبێت﴾. یاخود هەموو شتێك لەتوانای باوەڕداردا دەبێت گەر بتوانێ باوەڕی هەبێ.

تێبینییەکان

## پرسیارەکانی جێبەجێ کردن دەربارەی باوەڕ

١) لە عیبرانیەکان ١١)

خشتەیەك بکە و ناوی پاڵەوانێك لەپاڵەوانەکانی باوەڕ کە ناوی لە بەشەکەدا هاتووە بنووسە وەلە بەرامبەر هەرناوێك ئەو گۆڕانکاریانەی کەڕوویداوە لەژیانیدا لەئەنجامی باوەڕەکەی پاشان ئەوپیرۆزییەی کە لە ئەنجامی ئەو باوەڕەوە بەدەستی هێناوە).

(وەڵام لەکاغەزێکی سەربەخۆی دەرەوەی کتێبەکە بدەرەوە تکایە).

٢) کام لەم ڕستانەی خوارەوە ڕاستە وە کامیان هەڵەیە وە بۆچی؟

باوەڕ ئەوەیە:

هەنگاوە لە تاریکی یدا

.................................................................................

دژی ژیری یە

.................................................................................

دژی بینراوە

.................................................................................

بە کەسێکی زیندوو

.................................................................................

٣) (یا ١ : ٦، ٧) بەڵام با بەباوەڕ داوای بکات و هیچ گومانی تیادا نەبێ، چونکە ئەوەی گومان دەکات وەك شەپۆلی دەریا وایە با دەیهێنێت و دەیبات. ئەو جۆرە مرۆڤە نابێ بیر لەوە بکاتەوە شتێك لەخوداوەند بەدەست دەهێنێ﴾.

نووسینەوەی ئەم ئایەتە بە شێوازی خۆت دووبارە بکەرەوە؟

.................................................................................

.................................................................................

.................................................................................

چی تێ دەگەیت لەم ئایەتە؟

.................................................................................

تێبینییەکان

٤) چەند پێناسەکردنێکی خۆت بنووسە بە ووشەکانی خۆت لـەبارەی پێناسـەی بـاوەڕی جیاواز کە لـەم نامەیەدا ڕوونکراوەتەوە لـە بەشەکانی ١، ١١، ١٩، ٢٧

..............................................................

..............................................................

..............................................................

٥) ڕۆڵی باوەڕ چیە لـە دەستپێکردنی پەیوەندی کەسێتیت بەخودا؟

..............................................................

..............................................................

..............................................................

٦) هەروەها ڕۆڵی باوەڕ چیە لـە گەشەکردنی ئەم پەیوەندیەدا؟

..............................................................

..............................................................

٧) کتێبی پیرۆز لـە عیبرانیەکان ١٢: ٢ و ڕۆما ١٠: ١٧
چونێتی پێدانی خودامان بەباوەڕ بۆ شیدەکاتەوە کە دەماندات.
لـەم دوو شایەتەی کتێبی پیرۆز ئایا جێبەجێ کردن دەبینیت لـەسەر ژیانی کەسێتیت؟ ئـەوە شیبکەرەوە.

..............................................................

..............................................................

..............................................................

٨) باوەڕ مەرجی بنەڕەتیە لـەپەیوەندی لـەگەڵ خودا.
ئەم دەستەواژەیە مانای چیە لـەگەڵ ڕوونکردنەوەی چۆنێتی جێبەجێ کردنی لـەسەر ژیـانی کەسێتیت؟

..............................................................

..............................................................

..............................................................

تێبینییەکان

٩) چۆن ئەزانی کەباوەڕ بوونی هەیە لەژیانی کەسێتیدا؟

.....................................................................

.....................................................................

.....................................................................

.....................................................................

تێبینییەکان

# ب ــ خۆشەویستی

خۆشەویستی خودایی
خودا

برا مرۆڤ نزیکەکەی

## ١ـ خۆشەویستی خودا بۆمان

(یوٚ ٣: ١٦) ﴿چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشەویست تەنانەت تاقە ڕۆڵەی خۆی پێشکەش کرد، هەتا هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دەکەن لەناونەچن، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنن﴾.

قورسترین دەستەواژە ودەربڕین لە پێناسەکردنی سروشت وتایبەتمەندێتی خۆشەویستی خودا بۆمان کامەیە، بەڵام هەوڵ ئەدەین لایەنەکان و دیدی ئەم خۆشەویستیە بێ وێنەیە وئامادەیە بخەینەڕوو. ئەم خۆشەویستیە:

ـ خۆشەویستیەکە هەڵقوڵاوە لەخۆی... ئاراستەیە بەرەو ئێمە.

(١ یوٚ ٤: ٧) ﴿چونکە خۆشەویستی لە خوداوەیە﴾.

(ڕۆ ٥: ٨) ﴿بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستین، بەوەی مەسیح لەپێناوی ئێمەدا مرد کاتێك هێشتا گوناهبار بووین﴾.

- خودا ئێمەی خۆش ناوێ لەبەر ئەوەی چاکین و باشین یاخود بەهۆی خەسڵەتە پەسەندکراوەکانمان کەتیامانایە بەڵکو لەبەر ئەوە ئێمەی خۆش دەوێ کە خۆی خۆشەویستیە
- خۆشەویستیەکەی بۆئێمە پشت نابەستێ بەوەی ئێمە چۆنین، ئەو ئێمەی خۆش ئەوێ وەك ئەوەی کە هەین.
- بەڵێ ئێمە هێشتا گوناهبار بووین یاخی بووین خودا خۆشەویستی خۆی ڕاگەیاند بۆمان.

ـ خۆشەویستی دەخوازێت، نەك تەنها هەستێ.

(یوٚ ١٠: ١٠) ﴿هاتووم هەتا ژیانیان هەبێ، ژیانێکی تێروتەسەل﴾.

- ئەو دەخوازێت ئێمە باشترین شتمان هەبێ. تکا دەکات وبەپەرۆشە مەزنترین ژیانمان بداتێ

ـ خۆشەویستی کۆشش دەکات لەپێناوماندا. وە دەمانداتێ.

- ئەوتەنها ناخوازێت، بەڵکو دەستی درێژ دەکات، کەهەر چی هەیە لەکۆشش بۆ پەیداکردنی چاکە بۆمان.

تێبینییەکان

- زۆرترین ووتوێژەکانی کتێبی پیرۆز جەخت کردنی خوداوەند وە دیاریەکانی دەردەخات. وەخۆشەویستیەکەی بەکار دەهێنیت تا هەموو تواناکانی بخاتە گەڕ لەپێناوی بەختەوەرکردنمان.

- خۆشەویستی چاکە دەگەڕێ بەدواماندا:

(لۆ ١٥ : ٤) ﴿دەگەڕێ لەپێناوی وون بوەکەدا تا دەیدۆزێتەوە﴾.

- ئەو ناوەستێ و چاوەڕێ ناکاتا ئێمە بێین و پیرۆزی وەربگرین، بەڵکو دەچێتە دەرەوە و دەگەڕێ بە دواماندا تا ئەماندۆزێتەوە. ئەو دەبزوێ بەرەو ڕوومان بە چاکەی پڕو تەواوەوە، وە ئەو هەمیشە لە ئامادە باشیدایە بۆ ئەوەی تۆ هەنگاوی یەکەم بنێیت.

- خۆشەویستی کۆشش و قوربانی دەدات لە پێناوتدا، بۆ چاکەی تۆ.

- بەم شێوەیە خۆشەویستی هەبوو تا پێشکەشی کرد
- تەنها دڵفراوان نەبوو لەدیاری، بەڵکو هەروەها پێش کەشی کرد
- نەك تەنها ئەوەی کە هەیەتی دەیدات، بەڵکو خۆیت پێش کەش دەکات خودی خۆی
- ئەو زەرەرمەند دەبێت ئازار دەبینێت قوربانی دەدات لەپێناوی تۆ و بۆ چاکەی تۆ

- خۆشەویستی هیچی نەویست لەئێمە، بەڵکو ویستی هەبوو کە بمانداتێ. تەنانەت ئەو گەر چاوەڕێی خۆشەویستی بێ لێمان، لەڕاستیدا بۆ ئیمەی دەوێت.

ئەو چاوەڕێ دەکات خۆشمان بوێ، بۆئەوەی چێژوەرگرین لە خوشەویستیە بێ سنوورەکەی کە هەیەتی بۆمان (ووتەکان ١٠: ١٢ - ١٣ ، ٣٠: ٢٠)

ئا ئەوەیە مانای ڕاستەقینەی هاوبەشیکردن وپەیوەندی کە یەکێتی دروست دەکات (یۆ ١٧: ٢١، ٢٣، ٢٦).

لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین:

کە خۆشەویستی خودا ڕابەرایەتی دەکرد لەبەر ئەوەی خودی خۆی پێشکەش بە ئێمە کرد بە هەموو خەسڵەتەکانیەوە، وە بە هەموو ئەو توانایانەی کە هەیەتی، وە بە هەموو ئەو شکۆمەندی و ڕێز و سەروەرییەی کە هەیەتی.

- ئەو ڕۆژەی کە دروستی کردین ویستی وابوو بۆمان.
- ئەو ڕۆژەی کە بوونی هێنایەدی دروستی کرد لە پێناوماندا.
- پیلانی ئەو بوو کە ژیانمان لەگەڵ خۆیدا بەدیاری بداتێ.
- ئەو ڕۆژەی مرد لە پێناوماندا لەجیاتی ئێمە خۆی پێشکەشکرد.
- ئەو ڕۆژە بانگی کردین تا زیندوو بین لەئەودا، وە بیدۆزینەوە لە سێ (ئوقنوم) دا، لە یەکێتی و یەکگرتنمان لەهەموو شکۆمەندی و ڕێزی خۆی بەشداریکردین.
- کەس خۆشەویستی لەمە مەزنتری نییە: {کە ژیانی خۆی بکات بە قوربانی لە جیاتی دۆستەکانی} (یۆ ١٥: ١٣)

تێبینییەکان

## ٢ـ خوداوەند خودات خۆش بۆی

﴿خوداوەند خودات خۆش بوێ بەهەموو دڵ و هەموو گیان و هەموو بیرتەوە وە بەهەموو تواناتەوە﴾ (مەتتا ٢٢: ٣٧، مەر ١٢: ٣٠ وە لۆ١٠: ٢٧) ناتوانین دەست پـێ بکـەین تەنها بەم ڕاستیە گرنگـە نـەبێت ئـەو شـایەنی هـەموو خۆشەویستیەکە: بـۆ کەسـایەتی پروتەواوی پڕلـەجوانی کە دیاری وکۆششی داپێمان کە قوربانی دا و خـۆی پـێش کـەش کرد لە پێناوماندا لـەخۆشەویستیە بێ سنوورەکەی بۆمان

وە ئەمەش ئەوە ناگەنێت کەخۆشەویستی من بـۆ خـودا شـتێکی نـامۆبێ و قـورس بـێ و سەرچاوەی گرتبێ لە هێز لـەمندا یـاخود پروتـەواوی مـن. بەمـەش خـودا بەسەرچـاوەی خۆشەویستی تاقانە وبەتوانا دەمێنێتەوە کە هەمیشە لێی دەڕژێ و کۆتایی بۆ نیە.

بەڵێ... ئێمە خۆشمان دەوێ... وەئێمە ستایشی دەکەین لە شکۆمەندیەکەیدا
(١ یۆ ٤: ١٩،١٠)

هەرچۆن ڕاسپاردەکە دەریخست.

- خوداوند خودات خۆش بۆی... خۆشت دەوێ لەبەر کەسایەتی خۆی و لـەبەر خودی خۆی

لەبەر دیاری و بەخششەکانی نا... بەڵکو لە پێناوی کەسایەتیەکەی. نەك دەسـتەکانی و بەڵێنەکانی وات لێ بکات خۆشت بوێ بـەڵکو لـەبـەر کەسـایەتی مـەزنی خۆشـت بوێ.

- لە هەموو دڵتەوە... بەهەموو ویستت

ـ چونگە ئەمە هەڵبژاردنی یەکەمە، ئەوبە یەکەم دادەنێیت لـەژیانتدا (مەتتا ١٠: ٣٧)

ـ کە ئارەزووی دڵ و خواستت بەپێ ی ویستی ئەوبێ (مەتتا ٦: ٩، ١٠).

ـ کەپێشکەشی بکەیت... کەبژین بۆ ئەو (یۆ ٢١: ١٥).

ـ بەڵکو هەروەها واز لـەوشتانە بهێنی کە پێشکەشی ئەوی دەکەیت وە شتە هەرزانەکانت پێشکەش بەئەوی گرانبەها و مەزن بکەیت (کردار ٢٠: ٢٤).

- بەهەموو بیرتەوە... بەهەموو ڕەزامەندیتەوە ﴿بۆلای کێ بچین؟ کـە ووشـەی ژیـانی هەتاهەتایی لای تۆیە﴾ (یۆ ٦: ٦٨).

بەم شێوەیە بیر گرێدراوە بەهەموو تێگەیشتن وهەست پێکردنەوە. تەنها ئـەو شـایەنی ئەوەیە ڕابەر وسـەرکردە بـێ کـە دوای دەکـەوین هـەموو ڕۆژێـك، بـەڵکو بـەرێ دەکەوین وشایەتی بۆ دەدەین بەهەموو شانازیەکەوە (١ کۆ ١: ٣١).

- بەهـەموو گیانتـەوە... بەهـەموو ویژدانتـەوە وبەهـەموو سـۆزتەوە ﴿چـۆن ئاسـك بەپەرۆشە بۆ ئاوی ڕووبار، گیانی منیش بەپەرۆشە بۆتۆ، ئەی خودا﴾ (زەبـوور ٤٢: ١)

﴿وەك سـێو لـەناو دارەکـانی دارسـتان ئاوایـە ئەویندارەکـەم لـەناو کـوڕان. لـە

سێبەرەکەی ئارەزووم کرد دانیشتم بەروبوومەکەی شیرین بوو بۆ دەمم﴾( گـۆرانیّ گۆ ۲: ۳).

چەندجار هەستەکانمان جوولاّو بزواوت بـەرەو ئـەو، لـە دەسـت لـەملان و بەیـەك گەیشتن ی ڕاستەقینە، لەگەلّ کەسایەتیە بەسۆزەکەی وبە هێزەکەی؟ بەم شێوەیە بوو کە ئافرەتە داوێن پیسەکە لەبەردەم پێیەکانی مەسیح هەسـتی خۆشەویسـتی یەکـەی دەربڕی بۆی (لۆقا ۷).

- بەهەموو تواناتەوە... بەهەموو توانستەکانتەوە کە ئێمەش گیانـانی بـدەینیّ هـەروەك چۆن ئەو لەپێشدا گیان و ژیانی خۆی دا پێمان.

کە خودی خۆمان ی پێشکەش بکەین وەکو قوبانیەکی زیندووپاك و پیرۆز بەهـەموو ئەوشتانەی کەهەمانە لەتوانا وسەروەت و سامان و توانست (ڕۆ ۱۲: ۱)

﴿من ئەمڕۆ ئاسمان و زەویتان لێ دەکەمە شایەت ، کـە مـن ژیـان ومـردن، پـیرۆز کـردن ونەفرەتم لەبەر دەمت داناوە ، جاژیان هەلّبژێرە تا خۆت ونەوەکەت بژین کـە خوداوەنـد خودات خۆش دەوێت وگویّ لەدەنگی دەگریت و پێوەی دەنووسێیت چونکە ئەو ژیانتـە و درێژە بەرۆژانت دەدات﴾ (ووتـە ۳۰: ۲۰،۱۹). ﴿جاخوداوەنـد خـودات بەهـەموو دلّت و هەموو گیانت و هەموو هێزتەوە خۆش دەوێـت و بـا ئـەم ووشـانەی مـن ئـەمڕۆ فەرمانت پێدەکەم لەسەر دلّت بێت و بۆ منداڵەکانتی بگێڕەوەو باسی بکە کاتێـك لـەمالّ دادەنیشیت وکاتێك بەڕێگادا دەڕۆیت وکاتێـك دەخـەویت وکاتێـك هەلّدەسـتیت وەك نیشانەیەکیش لەسەر دەستی ببەستە وباگولّنگیش بێـت بەناوچـەوانتەوە و لەسـەر چـوار چێوەی دەرگاکانی ماڵەکەت و لەسەر دەرگاکـانی ماڵەکـەتی بنووسـە﴾ (ووتـە ٦: ٥ - ٩).

## ٣ـ نزیکەکەت خۆش بۆی

- ﴿من ڕاسپاردەیەکی نویّ تان دەدەمیّ: کە یەکتریتان خۆش بویّ. هەروەك چۆن مـن خۆشم ویستن ئێوەش هەروەها یەکتریتان خـۆش بـویّ بەمـە هـەمووان دەزانـن کـە قوتابی منن: گەر ئێوە خۆشەویستیتان هەبوو بۆ یەکتری﴾ (یۆحەننا ۱۳: ۳٤، ۳٥)
- ﴿خۆشەویستان، بایـەکتریمان خـۆش بوێـت، چـونکە خۆشەویسـتی لـە خوداوەیـە وئـەوەی بەرامبەرەکـەی خـۆش بوێـت خـودا دەناسـێت و لـەخودا بـووە ئـەوەش بەرامبەرەکەی خۆش نەوێت خودا ناناسێت، چونکە خودا خۆشەویستیە﴾ (۱ یۆ ٤: ۷، ۸).
- ﴿تاهەموو یەك بن، هەروەك تۆ چۆن لەمندای ئەی باوك منیش لە تۆدام، تائـەوانیش لە ئێمەدابن، تاکو جیهان باوەڕ بهێنیّ کە تۆ منت ناردووە﴾ (یۆحەننا ۱۷: ۲۱).
- ﴿بـەلاّم مـن پێتـان دەلّـێم: دوژمنـەکانتان خـۆش بـویّ ونوێژبکـەن بـۆ ئەوانـەی دەتانچەوسێننەوە بەمە دەبنە ڕۆڵەی ئەو باوکـەتان کەلەئاسمانـە، ئـەو خـۆری خـۆی

تێبینییەکان

بەسەرچاك وخراپدا هەڵدێنیّ و بارانی خۆی بەسەر دادپەروەر و زۆر داریش دەبارێنیّ ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆش ویست کە ئێوەیان خۆش دەویّ چ پاداشتیّ وەردەگرن؟﴾ (مەتتا ٥: ٤٤، ٤٥).

گرنگی ئەمە:

- بەم شێوەیە ژیا ڕۆڵەی تاقانە عیسای مەسیح گەورە و مامۆستا.

گەر ئێمە قووتابی ئەوین ئەوا ئەو خۆشەویستی کرد، وەبەم شێوەیە هەروەها پێویستە ئێمەش خۆشەویستی بکەین.

بانگی شەمعون ی کرد: ﴿دوام بکەوە﴾ ئەزانی بۆ کوێ؟... بۆ خۆشەویستی و بەخشین بەم شێوەیە تەنها هەموان ئەزانن کە ئێوە قوتابی منن گەر ئێوە هەمان خۆشەویستیتان هەبێت

- چونکە خوشەویستی بەروو بوومی ڕاست ودروستی یە، یەکەمینە بۆ پەیوەندیمان بە خودای خوشەویستی.

﴿خۆشەویستان، با یەکترمان خۆش بوێت، چونکە خۆشەویستی لە خوداوەیە و ئەوەی بەرامبەرەکەی خوش بوێت خودا دەناسێت و لە خودا بووە ئەوەش بەرامبەرەکەی خۆش نەوێت خودا ناناسێت، چونکە خودا خۆشەویستیە﴾ (١ یۆ ٤: ٧، ٨).

﴿ئەوەی ڕقی لەبراکەی خۆی بێتەوە وبڵێت من لەڕووناکیم، ئەوەتا ئێستا لە تاریکیدایە. ئەوەی براکەی خۆش بوێت لەو ڕووناکیە دەچەسپێت و ئەو کەسە هیچ شتێکی تیادا نیە بیکەوێنیّ بەڵام ئەوەی ڕقی لە برای خۆی بێتەوە لە تاریکیدایە و بەتاریکیدا دەڕوات، نازانێت بەرەوکویّ مل دەنێت، چونکە تاریکی چاوی کوێر کردووە﴾ (١ یۆ ٢: ٩ – ١١).

﴿ئیمە دەزانین لە مردنەوە بەرە وژیان گواستراینەوە، چونکە براکانمان خۆش دەوێت. ئەوەی براکەی خۆش نەوێت لەمردن دەمێنێتەوە ئەوەی ڕقی لە براکەی بێتەوە بکوژە، دەزانن ژیانی هەتاهەتایی لە هیچ بکوژێك جێگیر نابێت. بەمە خۆشەویستی فێر بووین، عیسای مەسیح ژیانی خۆی لە پێناوی ئێمە بەخشی، پێویستە ئێمەش ژیانی خۆمان لە پێناوی برایان ببەخشین. بەڵام ئەوەی ماڵی دونیای پێدرابێت و براکەی خۆی بەنەداری بینی ودڵی خۆی ڕەق کرد، ئایا چۆن خۆشەویستی خودای تیادا جێگیردەبێت؟ ڕۆڵەکانم تەنها بە ووشە وزمان خۆشەویستی مەکەن، بەڵکو بەکردەوە و بەراستی:﴾ (١یۆ ٣: ١٤، ١٨)

جا ئایا دەبێت کە خودامان خۆش بوێت و براکانمان خۆش نەوێت، هەموو براکانمان !!؟

- ڕاسپاردەکە هەرچۆن لەڕابردوودا ئێستاش بەردەوام لەسەر دڵێتی:

کە خۆشەویستی بکەین وەك چۆن ئەو خۆشەویستی کرد (یۆ ١٥: ١٢، یۆ ١٣: ٣٤ ـ ٣٥، ١ تەسالۆ ٥: ٢)

تێبینییەکان

کە خۆشمان بوێن ئەوانەی ئەوخۆشی ویستن (مەتا ٥: ٤٤، ٤٥ ) کە بژین لە خۆشەویستیدا چونکە خۆشەویستی ژیانە... ژیان چۆن دەبێت بەبێ خۆشەویستی؟ کام واتاو کام چێژە دەبێت لە ژیاندا بەبێ ئەو؟

﴿ئەگەر مرۆڤ هەموو سامانی ماڵەکەی لە حەوجێ ی خۆشەویستیدا ببەخشێت بێ نرخ دادەنرێت﴾ (گۆرانی گۆ ٨: ٧).

- وە خۆشەویستی ڕاستەقینە دەمێنێتەوە ئەوەی کە یەکێتی تەواو لە جەستەی مەسیحدا دروست دەکات.

ئەو سەر سووڕ هێنەرێکی بینراوە، وەبەڵگەی دڵنیاییش لەسەر هاتنی مەسیح بۆ ئەم جیهانەمان، خۆشەویستیەکەی، ومردنی لە جیاتی ئێمەیە ﴿هەتاجیهان بزانێ تۆمنت ناردووە، وەئەوانت خۆشویستوە وەك چۆن منت خۆشویست﴾ (یۆ ١٧: ٢٣)

## جۆری خۆشەویستی

أ - بنەما و ڕاستی ڕاسپاردەکە تەنها ئەوە نیە کە خۆشەویستی بکەین، بەڵکو یەکترمان خۆش بوێت (خوشك و برایان) وەك چۆن ئەو خۆشی ویستین

- بەهەمان جۆر، وەلەسەر هەمان ئاست، و پێوەر ﴿بەمە خۆشەویستی فێر بووین، عیسای مەسیح ژیانی خۆی لە پیناوی ئێمە بەخشی،

پێویستە ئێمەش ژیانی خۆمان لە پێناوی برایان ببەخشین﴾ (١ یۆ ٣: ١٦).

وە دەتوانین لە ڕێگەی پەرتووکی پیرۆزەوە خۆشەویستی مەسیح بەهەموو وێنە کرداریەکانەوە لەگەڵ قوتابیەکان ببینینەوە (یۆ ١٣: ١).

﴿ئەو چۆن ئەوانەی خۆش ویست کەسەر بە ئەو بوون لە جیهاندا تا ئەوپەڕی خۆشەویستی خۆشی ویستن﴾

- وە یۆحەننا لەبارەی خۆشەویستی ڕاستی و کردارەکی دەڵێ:

﴿ڕۆڵەکانم تەنها بەووشە و زمان خۆشەویستی مەکەن ، بەڵکو بەکردەوەو بە ڕاستی﴾ (١ یۆ ٣: ١٨)

خۆشەویستی تەنها هەستەکان و ووشەکان نیە، بەڵکو توانستە، کاردەکات وە بەدیهێنەرە.

— پۆڵسی نێردراولە دیدێکیدا وێنەیەك دەدات بۆ خۆشەویستی ولە گۆرانیەکانی خۆشەویستیدا دەڵێت:

﴿خۆشەویستی میهرەبانەو بەسۆزە خۆڕاگرە﴾... نیانە، بەبەزەییە

﴿چاوچنۆکی نیە شانازی ناکات داو وتەڵە نانێتەوە﴾ ساکار ودڵفراوانە

﴿جوێن دەرنیە﴾... کەس بریندارناکات خراپە ناکات

﴿تەنها بۆ خۆی داوای ناکات﴾ بەڵکو لەپێشدا بۆخەڵکی دیکە داوادەکات

﴿شەڕەنگێزنیە﴾... بەڵکو بەئاشتی خوازی دەبیاتەوە

﴿گومانی خراپ ناکات﴾... کەس تاوانبار وقەرزاربار ناکات

تێبینییەکان

﴿بەگوناهە دڵخۆش نابێت، بەڵکو بەڕاستی دڵشاد ئەبێت﴾...
دڵخۆش نابێت بەهەڵەی خەڵکی دیکە، بەڵکو دڵخۆش دەبێت بە دڵخۆشی ئاسمان.
﴿لەهەموو شتێکدا دانبەخۆگرە، لە هەموو شتێکدا باوەڕدەکات، لە هەموو شتێکدا هیوای هەیە، لە هەموو شتێکدا ئارام دەگرێ﴾.
﴿خۆشەویستی نافەوتێ تاهەتایە﴾ (١کۆ ١٣: ٤ - ٨)
هەروەها خۆشەویستی:

- دەیەوێت... گرنگی دەدات... دەگەڕێ بەدوای پێویستیەکدا تا دابینی بکات.
- ئەوەی کە هەیەتی بەشداری خەڵکی دیکەی پێ دەکات (لەلایەنی ڕۆحی... دەروونی... ماددی).
- ئەو دەرگایەکی کراوەیە بۆ بەخشین و وەرگرتن... نەك تەنها بەخشین.
- یەکەم وکۆتایی وەك یەك سەرچاوە دەگرێ لە ئەودا.

کە یەکتری بنیاد بنێن تەواوکاری یەکتری بن(ئەفە٤: ١١ -١٣ ،:١٥ - ١٦).

- لە بەر ئەوە ئەو گرێدەری پری و تەواویە (کۆلۆسی ٣: ١٤)

وە ئەو یەکێتی ڕاستەقینە لە جەستەی عیسای خوداوەندا دروست دەکات.
﴿تا هەموو یەك بن ، هەروەك تۆ چۆن لە مندای ئەی باوك منیش لە تۆدام ، تا ئەوانیش لە ئێمە دا بن، تاکو جیهان باوەڕ بهێنی کەتۆ منت ناردووە﴾ (یۆ ١٧: ٢١).
ب - نەك تەنها براکانمان خۆش بوێ وبەس یاخود ئەوانەی خۆشیان دەوێن، بەڵکو دوژمنەکانمان خۆش بوێ.
﴿ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشویست کە ئێوەیان خۆش دەوێ، چ پاداشتێ وەردەگرن؟ ئایا باج گرانیش ئەوە ناکەن﴾ (مەتتا ٥: ٤٦).
هەروەك چۆن ئەو جیهانی گوناهباریی خۆشویست... کە خۆی دانا لە پێناوی ئەوانەی هاواریان دەکرد: لەخاچی بدە لەخاچی بدە. خوێنی لەملی ئێمە و ڕۆڵەکانمان.
- بەم شێوەیە فێری کردین کە دوژمنەکانمان خۆش بوێ

- کەواتە نەفرەت لێ کەرانمان پیرۆزدەکەین وە وەڵامیان دەدەینەوە بەو ووشانەی کە بەخوێ سوێرکراوە.
- چاك ئەبین لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێمانە ﴿ئەگەر دوژمنەکەت برسی بوو تێری بکە، گەر تینووی بوو پاراوی بکە. جا تۆ گەر ئەمەت کرد پشکۆی داگیرساو لەسەرسەری کۆ دەکەیتەوە﴾. ئیتر مەهێڵە خراپە بەسەرتدا زاڵ بێت، بەڵکو بەچاکە زاڵ بە بەسەر خراپەدا ﴾ (ڕۆ ١٢: ٢٠، ٢١).
- نوێژ دەکەین لەپێناوی ئەوانەی کە خراپەمان لەگەڵ دەکەن وە دەپاڕێینەوە لە خوداوەند لە پێناویاندا.
- نوێژ دەکەین کە بەزەیی پێیاندا بێتەوە وە دڵیان ڕووناك بکاتەوە بە ناسینی خوداوەندمان عیسای مەسیح.

تێبینییەکان

- ڕاستیەك هەیە لەسەرمانە و پێویستە بەباشی بیزانین کە دوژمنی ڕاستەقینەمان ئەوەیە دوژمنی چاکەیە (شەیتان) ە نەك ئادەمیزاد کە ئێمە لە نێوانیاندا ئەژین. ڕاستە دوژمنایەتیمان دەکەن بەلاّم بە دوژمنی خۆمانیان نازانین. ئەوان مەڕی وون بوون پێویستە کلێسا دەرچێتە دەرەوە و بگەڕێ بە دوایاندا لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە بن. ئێمە لە پێناوی ئەواندا شەڕ دەکەین تا بیانبەینەوە لەمەسیحدا هەرچۆن مەسیح مرد لەپێناویاندا.

پێویستە جیاوازی بکەین کە ئێمە شەڕ دەکەین لەگەلّ ئەو ڕۆحەی تیایاندایە. ڕۆحی یاخی بوون و گوناهە، وەجیاوازیش بکەین لەگەلّ ئەوەی کە ئایا شەڕ لەگەلّ ئەواندا بێت. چونکە خوداوەند فێری کردین کە گوناهە ڕەت بکەینەوە، بەلاّم گوناهبارمان خۆش بوێت.

چۆنێتی ئەمە:

١- یەکەم جار لەسەرمانە - هەلّبژاردنمان بۆ شێوە و ڕێگەی ژیانمان خۆشەویستیمان بێت بۆ ئەو.

چونکە خۆشەویستی هەست وسۆز نیە، بەلّکو ئەو ئاراستە یەکی پڕوتەواوە بۆ ژیان، ئەوەی تێدایە کە خۆمان دەبەخشین لە پێناوی خەلّکانی دیکەدا.

ئەو ڕێگایە بۆ ژیان ناتوانین پیایدا بڕۆین گەر یەکەم جار هەلّینەبژێرین.

لەبەر ئەوە ئەتوانین ڕاسپاردەکە قبولّ بکەین یان ڕەتی بکەینەوە...

یاخود بمانەوێت یان نەمانەوێت.

٢- ئەمە وامان لێ دەکات خۆشەویستی بەهەموو دلّمانەوە هەلّبژێرین ، ئەویش خۆشەویستی خودایە بۆ ئێمە و بۆ هەموو خەلّکانی دیکە.

ئەمەش بەوە دەبێت کە بیناسین، وە ڕوانگەمان هەبێت لە خۆشەویستی ئەودا، جا پالّنەری خۆویستیمان دەگۆڕێت، وە ڕووناکی خۆشەویستیەکەی دلّی تاریکمان ڕووناك دەکاتەوە.

کتێبی پیرۆز دەلّێت: ﴿ئەوسا ئەو خۆشەویستیە دەناسن کە لەسەرووی هەموو زانستێکە، بۆ ئەوەی پڕبن لە هەموو پڕی خودا (کەواتە ناسینمان وڕوانگەمان بۆ خۆشەویستیەکەی پڕمان دەکات لە ئەودا و لە خۆشەویستیەکەی) ﴿ئەفە ٣: ١٩﴾

﴿بەلاّم من پێتان دەلّێم: دوژمنەکانتان خۆش بوێ: بۆ ئەوەی ببنە ڕۆلّەی باوکتان کە لە ئاسمانەکانە، ئەو خۆری خۆی هەلّدێنێ بەسەر چاکەکان و خراپەکاندا، وە بارانی خۆی دەبارێنێ بەسەر دادپەروەران و زۆرداراندا﴾

(مەتتا ٥: ٤٥).

جا کاتێ خۆشەویستیەکەی دەبینینەوە بۆ ئێمە کە شایەنی نین و لەگەلّ هەموو هەلّەکانماندا.

خۆشەویستیەکەی دەبینینەوە بۆ ئەوانەی دەورووبەرمان، وەئەوان خۆشەویستن ولە

تێبینییەکان

دڵیدان...
ناتوانین خۆشمان نەوێن تەنها وامان لێ دێت کە خۆشمان بوێن، بەوە دەبینە ڕۆڵەی باوکمان کە لەئاسمانە. کە خۆری خۆی بەسەر چاکەکان و خراپەکاندا هەڵدێنێ، بەسەر ئەوانەی خۆشیان دەوێ و ئەوانەش کە ڕەتی دەکەنەوە (ئێمە بەخۆشەویستی ئەو نەك تەنها خۆشمان دەوێن، بەڵکو هەموو خەڵکانی دیکەشمان خۆش دەوێ هەروەها).
بەم شێوەیە مەسیح نوێژی کرد: «من ناوی تۆم بەوان ناساند، هەروەها پێیان دەناسێنم، تاکو ئەو خۆشەویستیەیان تیادا بێ کە تۆ منت پێ خۆشویست، هەتا من خۆم لەواندا بم»
(یۆ ١٧: ٢٦).
٣ـ ئەو هێزەی وامان لێ دەکات خۆشەویستی خودا بەدەوڵەمەندی لێمان بڕژێ بەرە و خەڵکانی دیکە، ئەوە هێزی ڕۆحی پیرۆزیەتی.
«چونکە خودا دڵمانی پڕ کردووە لە خۆشەویستی خۆی بەو ڕۆحە پیرۆزەی بە ئێمەی بەخشیوە» (ڕۆ ٥: ٥).
«چونکە خودا ڕۆحی دۆڕاندنی بەئێمە نەداوە، بەڵکو ڕۆحی هێز و خۆشەویستی و ئامۆژگاری» (٢ تیمۆ ١: ٧).
هەرچەند تام وچێژ لە ڕۆحی ئەو وەربگرین، ئەوەندە دەورووبەرمان تام و چێژ وەردەگرن لەو خۆشەویستیەی کە بەڕۆحی پیرۆز تیاماندایە، ئەتوانین دڵی مەسیحمان هەبێت: بەرامبەر براکانمان، بەرامبەر دوژمنەکانمان، بەرامبەرئەم جیهانە کە تیایدا دەژین.
٤ـ وەکو خۆت «هەرگیز هیچ کەسێك ڕقی لە لەشی خۆی نابێتەوە، بەڵکو خۆراکی دەداتێ و بایەخی پێ
دەدات» (ئەفە ٥: ٢٩).

خۆشەویستیمان بۆ خۆمان واتە:

ـ باشترین شت بۆخۆمان هەڵدەبژێرین
پڕ بوون لەبەختەوەری... ژیانێك خۆشەویستی لێ بڕژێت
«مریەم شتە چاکەکەی هەڵبژارد ئەوەی لێی ناسەنرێتەوە» (لۆ ١٠: ٤٢).
عیسای خوداوەند دەڵێت: «ئەوەی ئەیەوێت گیانی ڕزگار بکات لەناوی دەبات، ئەوەی ئەیەوێت گیانی لەناوبەرێت لە پێناوی مندا دەیباتەوە» (مەتتا ١٦: ٢٥).
چەند جار گیانی خۆمان خۆشویست، و ئەوەمان هەڵبژارد کەخراپی دەکات وە لە ناوی دەبات.

ئەمە خۆشەویستی یە ؟

........................

تێبینییەکان

کەگیانی خۆمانمان خۆشویست و شتە باشەکەمان هەڵنەبژارد کە لێمان ناسەنرێتەوە، شوێنی ڕاستەقینە کە لای ئەوە و گیان تێردەبێ لەبەردەم پێیەکانی.

ئەمە خۆشەویستی یە؟

........................

خۆشەویستی ڕووناکیە و تاریکی نیە... بونیاد دەنێ و نارِوخێنێ، بەلاّم خەڵکی تاریکیان خۆشتردەوێت لەڕووناکی

ئەمە خۆشەویستی یە؟

........................

ئەو نایەوێت ئێمە ڕقمان لە گیانی خۆمان بێت
بەڵکو ڕقمان لەوتاریکیە بێت کە تیاماندایە.
کەڕقمان لەوە بێت گیان و خودی خۆمان ژیانمان ئاراستە بکات و ئەو خودایە بێ کە بیپەرستین و بخولێینەوە بە دەوریدا.
وە ڕقمان لەخۆ ویستی ولوتبەرزی بێ کەتیاماندایە.
کە ڕووناکی و ڕاستیمان خۆش بوێ.
چونکە ئەو خودامانە ژیانمانە زیندوو دەبینەوە، دەجولێین دەدۆزینەوە، لەئەودا بەئەو بۆئەو بەڵێ: من ڕێگا و ڕاستی و ژیانم بەم شێوەیە مەریەم خوداوەند بووە بەشە چاکەکە لە ژیانیدا.
قبوڵکردنی خودی خۆمان:

- شێوە و ڕووخسارمان — کە لەسەری بەدی هێنراین
- توانست و تواناکانمان — کە پێمان بەخشرا
- شوێن و پێگە — کە بینراینەوە تیایدا

زۆر جار ژیاین و خودی خۆمان ڕەت کردەوە یاخی بووین لەبەرامبەر تواناکانمان، بۆڵە بۆڵمان کرد لە بارودۆخمان جا ئەم شێوە وڕوخسارە چۆن بەکار دێت و پردەبێت ولێ ی دەرژێ لە کاتێکدا ئێمە ڕەتی دەکەینەوە؟
ئێمە پێویستمان بەوەیە ئەم شێوە و ڕووخسارەمان قبوڵ بکەین تا بتوانین پێش کەشی خودامانی بکەین تا ئەویش بەکاری بهێنی و پری بکات و لێ ی برژێ

تەماشای بابەتی چاك بوونەوەی
دەروون یاخود گیان بکە

## پرسیارەکانی پەیڕەوکردن ـ پەیڕەوکردنەکان لەبارەی خۆشەویستیەوە

تێبینییەکان

١) وای دانێ کەسێك بە ڕادەیەکی زۆر گەورە تۆی خۆش دەوێ ئەو کەسە چی لە پێناوتدا دەکات؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٢) خۆشەویستی خودا ڕابەرایەتی عیسای کرد تا گیانی خۆی پێشکەش بە ئیمە بکات بەهەموو خەسڵەتەکانیەوە وە بە هەموو تواناکانیەوە کە هەیەتی وە بەهەموو شکۆمەندی و ڕێزیەوە.

دیاردەکانی خۆشەویستی خودا بۆ ئیمە کامانەن؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٣) ئایا خودا خۆشی ویستن بۆیە دروستی کردین یان دروستی کردین بۆیە خۆشی ویستین. ڕوونکردنەوە بکە وە بۆچی؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٤) مەتتا (٢٢: ٤٠،٣٦) بخوێنەوە

﴿خۆشەویستی ڕاسپاردەیەکی ڕەهایە و یاسای خودایی یە لەپەیوەندیەکاندا﴾ بۆچی!؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٥) وەچۆن جێبەجێ ی دەکەیت لەسەر ژیانی کەسێتی یت؟

..........................................................................................

..........................................................................................

تێبینییەکان

٦) (مەتتا ٢٢: ٣٧)؟

﴿بەهەموو دڵتەوە وبەهەموو گیانتەوە وبەهەموو بیرتەوە﴾

مانای ئەم ئایەتە چی یە

دڵت ..........................................................................

گیانت ........................................................................

بیرت .........................................................................

٧) بەنرخترین شت کامەیەپێشکەش بەخودای دەکەیت لەبەرامبەر خۆشەویستیەکەی بۆ تۆ؟

١ ـ دەیەك

٢ ـ خەڵوەت

٣ ـ خزمەت

٤ ـ ..................................

٨) (یۆ ١٣: ١) و (١ یۆ ٣: ١٦) و (١ یۆ ٣: ١٨) بخوێنەرەوە: خۆشەویستی مەسیح ئەو جۆرێتی وپێوەرەیە بۆ خۆشەویستیمان کە پێویستە ئاراستەی خەڵکانی دیکەی بکەین، چۆن دەتوانی بەراووردی خۆشەویستیەکەت بەخۆشەویستی مەسیح بۆ خەڵکانی دیکە بکەیت لەم لایەنانەی خوارەوە؟

بەردەوامێتیێ خۆشەویستی: ....................................................
.......................................................................................

دڵسۆزی: ......................................................................
.......................................................................................

پێشکەش کردنی یارمەتی: .....................................................
.......................................................................................

تێبینییەکان

٩) ئەو هەنگاوە کردارەکیانە کامانەن کە پێویستە بنێین تا پەیوەندیەکانمان لەگەڵ خەڵکانی دیکە بگۆڕێ وەاو شێوەی پەیوەندیمان بێت لەگەڵ مەسیح؟

١ - ..........................

٢ - ..........................

٣ - ..........................

# ج - هیوا

پێشەکی:
لێرەدا سێ (٣) پرەنسیپی بنەڕەتی هەیە بۆ ژیانی
باوەڕداران بەمەسیح:

## خۆشەویستی    باوەڕ    هیوا

ناتوانین - بەبێ هەریەك لەمانە بژین.

ئائەوەیە هیوای پیرۆزی (هاتنەوەی دووەمی مەسیح) بۆ ئەوەی لەگەڵ خوێدا بمانبات بۆ ماڵی باوك.

(تیتۆس ٢: ١٣) ﴿لەچاوەڕوانیدایین بۆ هیوای پیرۆز، ڕۆژی دەرکەوتنی شکۆمەندی خودای مەزن و عیسای مەسیحی ڕزگارکەرمان﴾

(یۆ ١٤: ٣) ﴿... هەروەها دێم ودەتانبەم بۆلای خۆم تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە منی لێدەبم﴾.

(١) ڕاستی هاتنەوەی دووەمی خوداوەند

### ١ - ئەو ووت ووێژی کرد لەوبارەیەوە

(یۆ ١٤: ١ - ٣) ﴿دڵتەنگ مەبن. ئێوە باوەڕتان بەخودا هەیە، کەواتە باوەڕیش بەمن بکەن ماڵی باوکم ژووری زۆری لێ یە گەر وانەبوایە ئەوسایێم دەووتن من دەڕۆم بۆ ئەوێ تا شوێنتان بۆ ئامادەبکەم دوای ئەوەی ڕۆیشتم وشوێنم بۆ ئامادە کردن، دەگەڕێمەوە لاتان و لەگەڵ خۆم دەتانبەم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کەمنی لێدەبم﴾.

(مەتتا ٢٤: ٣٠) ﴿ئینجا نیشانەی ڕۆڵەی مرۆڤ لەئاسماندا دەردەکەوێ هەموو خێڵەکانی سەر زەمین دەست دەکەن بەگریان، جارۆڵەی مرۆڤ دەبینن لەسەر هەوری ئاسمان بەهێزو شکۆیەکی مەزنەوە دێت﴾.

(مەتتا ٢٤: ٤٢) ﴿لەبەر ئەوە ئیشك بگرن، چونکە نازانن لەچی کاتێکدا خوداوەندتان دەگەڕێتەوە﴾.

(مەتتا ٢٤: ٤٤) ﴿کەواتە ئێوەش ئامادەبن، چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ لەکاتێکدا، دەگەڕێتەوە کەنایزانن﴾.

(مەتتا ٢٥: ١٣) کەواتە ئێشك بگرن، چونکە ڕۆژوکاتی گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ نازانن﴾

(مەتتا ٢٥: ٣١) ﴿کاتێ ڕۆڵەی مرۆڤ لەگەڵ فریشتەکانی بەشکۆمەندی دەگەڕێتەوە، دادەنیشێ لەسەرتەختی شکۆمەندی خۆی﴾.

تێبینییەکان

## ب ـ مزگێنی دانی فریشتەکان

(کردار ١: ٩ ـ ١١) ﴿ئەمەی ووت و لەبەر چاویان بەرز بووەوە بۆ ئاسمان ئینجا هەورێك شاردیەوە لەبەر چاویان. جارێ ئەوان بەسەرسامیەوە سەیری ئاسمانیان دەکرد، دووپیاو خۆیان نیشاندان بەجلی سپیەوە، پێیان ووتن ﴿ئەی جەلیلیەکان بۆ چی وەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەو عیسایەی لە نێوانتان بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان، ڕۆژێ دێ بە هەمان شێوە بگەڕێتەوە بۆ لاتان﴾

## ج ـ ووشەکانی نێرراوان

(١ کۆ ١٥: ١٩، ٢٠) گەر بێتوو هیوامان بەمەسیح تەنها بۆ ئەم ژیانەبێ، ئەوا ئێمە بەدبەختترین کەس دەبین لە نێو مرۆڤ.

بەڵام لەڕاستیدا مەسیح لە نێو مردوان هەستایەوە و بوو بە نۆبەرەی نووستوان﴾

(١ کۆ ١٥: ٤٩) ﴿جا چۆن ئەو وێنەیەمان وەرگرتوە کە لە خۆڵ دروست کراوە، بە هەمان شێوە وێنەی ئاسمانی وەردەگرین﴾.

(١کۆ ١٥: ٥١ ـ ٥٥) ﴿گوێ لەم نهێنی یە بگرن: ئێمە هەموومان ناخەوین بەڵکو هەموومان دەگۆڕێین ئەمەش یەکسەر لەچاوتروکانێك ڕوودەدات، کاتێ دوا کەرەنا لێ دەدرێ و دەنگ دەداتەوە. ئەوسا مردوان بێ گەندەڵی وفەوتان هەڵدەستنەوە هەروەها ئێمەش دەگۆڕێین چونکە دەبێ ئەو سروشتە فەوتاوە نەفەوتاوی بپۆشێ و سروشتی مردوو نەمری بپۆشێ کاتێ فەوتا ونەفەوتاوی دەپۆشێ ومردن نەمری دەپۆشێ ئەوسا ئەوەی لە کتێبی پیرۆزدا نوسراوە دێتەدی: (سەرکەوتن مردنی قووتدا ئیترئەی مردن کوا سەرکەوتنت؟ ئەی گۆڕ کوا پێوەدانت؟)

(٢ پەترۆس ٣: ١٠ ـ ١٣) بەڵام ڕۆژی خوداوەند وەك دز دێت، ئەو کاتە بە دەنگێکی بەرز ئاسمان نامێنێ، بەئاگرێکی توندیش توخمەکان دەتوێنەوە هەروەها زەوی و هەموو ئەو کارانەی لەسەری کراوە دەسوتێنرێ. گەرهەمووئەو شتانە لە ناوبچن، ئیتر پێویستە ئێوە چی جۆرە مرۆڤێك بن؟

دەبێ ژیانێکی پیرۆز و لەخواترس بژین لەچاوە ڕوانی و هەوڵدان بن بۆ هاتنی بە خێرایی ڕۆژی خودا، چونکە لەو ڕۆژە ئاسمان بەئاگر لەناودەچێ توخمەکانیش بەهۆی گەرمی دەتوێنەوە. بەڵام بەگوێرەی بەڵێنی ئەو ئێمە چاوەڕوانی ئاسمانی نوێ و زەوی نوێین کەڕاست و دروستی تیادا نیشتەجێیە﴾.

(١ یۆ ٣: ٢، ٣) خۆشەویستان، ئێستا ئێمە ڕۆڵەی خوداین تا ئێستا دەرنەکەوتوە ئێمە دەبین بەچی بەڵام دەزانین کاتێك ئەو دەردەکەوێ ئێمە وەك ئەو دەبین چونکە وەك خۆی دەیبینین هەروەها هەرکەسێك ئەم هیوایەی هەبێ خۆی پاك دەکاتەوە وەك چۆن ئەو پاکە﴾

(١ تس ٤: ١٣ ـ ١٨) بەڵام ئەی برایان نامانەوێ نەزان بن سەبارەت بە چارەنووسی خەووتوان، هەتا غەمبار نەبن وەك ئەوانەی هیوایان نییە. گەر ئێمە باوەڕمان بەوەکرد کە عیسا مردوو ئینجا زیندوو بووەوە، ئەوا باوەڕ دەکەین کە خودا خەووتوانی باوەڕدار بە عیسا بۆلای خۆی دەبات ئەوەی خوداوەند ووتوویەتی پێتانی دەڵێین ئەوەش ئەمەیە: ئێمەی هێشتا زیندوو هەتا کاتی گەڕانەوەی خوداوەند. پێش خەوتوان ناکەوین، چونکە خوداوند خۆی دێتە خوارەوە لە ئاسمان، کاتێ فەرمانی کۆ کردنەوە دەدرێت و سەرۆکی فریشتەکان بانگە وازدەکات و کەڕەنای خوودا فووی پیادەکرێ، یەکەم جار ئەوانەی لە مەسیح مردوون هەڵدەستنەوە ئینجا ئێمە ئەوانەی هێشتا زیندووین هەموومان بەرە و ڕووی خوداوەند دەرفێنرێن لە هەوردا تا لە ئاسمان بە خوداوەند بگەین، ئیتر بەردەوام لەگەڵ خوداوەند دەمێنینەوە جا بەم ووشانە وورەی یەکتری بەرز بکەنەوە﴾.

(بینین ٣: ٢١) ﴿ئەوەی سەربکەوێت ڕێگای پێ دەدەم لەسەر تەختەکەم لەگەڵ من دانیشێ، هەروەك من سەرکەوتم و لەگەڵ باوکم لەسەر تەختەکەی دانیشتم﴾.

د ـ **هاتنی یەکەمی** بەڵگەیە بۆ هاتنی دووەمی هەر چۆن لە کتێبی پیرۆزدا پێشبینی و ڕوانگەکان هاتنەدی کە هاتنی مەسیح ولەدایك بوونی لە پاکیزە یەك پێش لەدایك بوونی ئەم پێشبینیانە لە کتێبی پیرۆز هەبوون بەسەدان ساڵ وەپێش بینیەکان هاتنەدی هەر بەم شێوەیە بە هەموو دڵنیاییەکەوە پێش بینیەکانی هاتنەوەی دووەمی دێتەدی.

**هـ ـ لافاوەکە ـ سەدوم و عەمورە**

دەربڕینی پەیمانی کۆن وێنەیەکی یاخود دەرخەری توانای کۆتایی جیهانە.

(٢ پەت ٣: ٤ ـ ٦) ﴿دەڵێن (کوانێ بەڵێنی گەڕانەوەی مەسیح؟

لەوکاتەی باوکانمان لەکۆنەوە مردوون، لەسەرەتای دروست بوونەوە هەموو شتێك وەك خۆیەتی.) بەئەنقەست ئەم ڕاستیە پشت گوێ دەخەن، کە لە کۆنەوە ئاسمانەکان هەن و زەویش بەووشەکانی خودا لەئاو وبە ئاویش پەیدابووە بەهۆی ئاوەکانیش جیهانی کۆنی داپۆشی ولەناوی برد﴾.

**و ـ تیروانینی زانستی سەردەم**

بەتوانستەکانیانەوە هەواڵی ڕووداوی کۆتایی گۆی زەویمان بە وێنەی جیا جیا دەدەنی بۆ نموونە:

ـ ووزە ناوەکیەکان کە ئێستا لەبەردەستدان کە دەتوانێ جیهان تەفروتونا بکات تەنانەت هەموو جیهان.

ـ پێکدادانی هەسارەکانی ئاسمان کە ئەتوانێ گۆی زەوی بتەقێنێتەوە و یەك گیانلەبەری تێدا نامێنی.

تێبینییەکان

ز ـ لە ڕووخسارەکانی هاتنەوەی مەسیح:

- کە نزیکە

(١ پەت ٤: ٧) ﴿کۆتایی هەموو شتێك نزیك بووەتەوە، بۆیە ژیروچاوکراوە بن بۆ نوێژەکانتان﴾

- لەکاژێرێکدا دێتەوە کە بۆ چوونمان نەبوو لەوکاژێرەدا دێتەوە

(مەتتا ٢٤: ٤٤) ﴿کەواتە ئێوەش ئامادەبن، چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ لەکاتێکدا دەگەڕێتەوە کە نایزانن﴾.

(مەتتا ٢٥: ١٣) ﴿کەواتە ئێشك بگرن، چونکە ڕۆژو کاتی گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ نازانن﴾

(٢ پەت ٣: ١٣، ١٤) بەلام بەگوێرەی بەڵێنی ئەو ئێمە چاوەڕوانی ئاسمانی نوێ و زەوی نوێین کەڕاستی ودروستی تیادا نیشتەجێ یە. بۆیە خۆشەویستان هەوڵ بدەن لەکاتێکدا چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەن، خودا بەئاشتی بتانبینێ و هیچ کەم وکوڕیەکتان تیادا نەبێ﴾

ح ـ نیشانەکانی هاتنەوەی:

١ ـ برسێتی و پەتا

جەنگ ـ برسێتی ـ پەتا ـ بوومەلەرزە ـ چەوساندنەوەی باوەڕداران ـ دەرکەوتنی پێغەمبەرە درۆزنەکان

(مەتتا ٢٤: ٥ ـ ١٣) ﴿چونکە زۆر کەس بەناوی منەوە دێن و دەڵێن، من مەسیحم و زۆر کەس هەڵدە خەڵەتێنن هەروەها جەنگ و دەنگ و باسی جەنگ دەبیستن، ئاگاداربن نەترسن، پێویستە ئەمانە هەمووی ڕوودات، بەلام هێشتا کۆتایی نییە. چونکە میللەتان دەچن بەگژیەکتریدا و پاشایەتی بەگژ پاشایەتی دیکەدا، برسێتی و پەتاو بوومەلەرزە لە زۆر شوێن ڕوودەدات بەلام ئەمانە هەمووی ژانی یەکەمە. ئینجا خەلکی دەتاندەن بەدەستەوە بۆ ئازاردان و دەتانکوژن، هەموو گەلان لە پێناوی ناوی من ڕقیان لێتان دەبێتەوە هەروەها زۆر کەس لەباوەڕیان وەردەگەڕێن و یەکتری دەدەن بەدەستەوە و ڕقیان لەیەکتری دەبێت، زۆر پێغەمبەری درۆزن دەردەکەن، زۆر کەس هەڵدە خەڵەتێنن ئینجا کە گوناە بڵاوبووەوە، خۆشەویستی لە دڵی زۆر کەس نامێنێ بەلام ئەوەی تا کۆتایی خۆی ڕادەگرێ، ڕزگاری دەبێت﴾

ـ شایەتیدان و مزگێنی دان بەئینجیل

(مەتتا ٢٤: ١٤) ﴿مزگێنی ئەم پادشاهێتیە لە هەموو جیهان ڕادەگەیەندرێ وەك شایەتیەك بۆ من لای هەموو میللەتان ئینجا کۆتایی دێ﴾.

تێبینییەکان

**(٢) خۆشیەکانی ئەم بەڵێنە پیرۆزە:**

أ ـ وەك خۆی دەیبینین. ڕووبەڕوو شکۆمەندیەکەی دەبینین

(١ یو ٣: ٢) ﴿خۆشەویستان، ئێستا ئێمە ڕۆڵەی خوداین تائێستا دەرنەکەوتوە ئێمە دەبین بەچی، بەڵام دەزانین کاتێك ئەو دەرکەوێ ئێمە وەك ئەو دەبین چونکە وەك خۆی دەیبینین﴾.

ب ـ وەك ئەومان لێ دێ

(١یۆ ٣: ٢) ﴿ خۆشەویستان ئێستا ئێمە ڕۆڵەی خوداین تائێستا دەرنەکەوتوە ئێمە دەبینین بەچی، بەڵام دەزانین کاتێك ئەودەردەکەێ ئێمە وەك ئەو دەبین چونکە وەك خۆی دەیبینین﴾

ج ـ هەموو کاتێك لەگەڵیدا دەبین

(بینین ٢١: ١ ـ ٨) ﴿پاشان ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێم بینی، چونکە ئاسمانی یەکەم وزەوی یەکەم بەسەر چوون و دەریاش ئیتر ئاسەواری نەما هەروەها شارە پیرۆزەکە قودسی (ئۆرشالیم) ی نوێم بینی لەئاسمانەوە لەلایەن خوداوە هاتە خوارەوە و وەك بووکێکی ڕازاوەکە خۆی بۆ زاواکەی ئامادە بکات گوێم لەدەنگێکی گەورە بوو لە ئاسمانەوە ووتی: (ئەوە چادری خودایە لە ناو خەڵکدا و خودا لە گەڵیان نیشتەجێ دەبێت و ئەوان دەبن بەگەلی خودا، خوداش لەگەڵیان دەبێت خودا هەموو فرمێسکەکانی چاویان دەسڕێتەوە و ئیتر مردن نامێنیت، ئیتر غەم و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەر چوون). دانیشتوی سەر تەختەکە ووتی: (ئەوەتا من هەموو شتێك نوێ دەکەمەوە.) هەروەها پێی ووتم: (بنووسە، چونکە ئەم ووتانە ڕاستە و مایەی متمانەن.) پاشان پێی ووتم: (ئەواهاتەدی، من ئەلف وێم، من سەرەتا و کۆتاییم، من لەسەر چاوەی ئاوی ژیان بەخۆڕایی ئاوبە تینوو دەدەم ئەوەی سەربکەوێت ئەو میراتەی بۆ دەمێنێتەوە و من دەبم بەخودای ئەو، ئەویش دەبێتە ڕۆڵەی من.بەڵام ترسنۆکەکان و گلاوەکان وبێ باوەڕەکان و داوێن پیسەکان و بکوژەکان و جادوگەرەکان وبت پەرستەکان و هەموو درۆزنەکان، پاداشیتان فڕێدانە بۆ ناو ئەو دەریاچەیەی بەئاگر و گۆگرد داگیرساوە، ئەوەی مردنی دووەمە.﴾).

(فیلیپی ١: ٢١ ـ ٢٣) ﴿چونکە لەلای من، ژیان مەسیحە، مردنیش قازانجە. بەڵام گەر ژیان لەلەش بێ، مانای ئەوەیە بەرووبوومی کردارەکانە بۆ من، لەگەڵ ئەوەشدا نازانم کامیان هەڵبژێرم چونکە سەرسام ماوم لە نێوان ئەم دوو بڕیارەدا، حەزدەکەم ئەم ژیانە بە جێ بهێڵم تا بچمە لای مەسیح، ئەمەش باشترە﴾

(بینین ٢: ١٠) ﴿هەرگیز مەترسە لەو ئازارانەی بۆت دێت. شەیتان خەریکە هەندێکتان بخاتە زیندانەوە تا تاقی بکرێنەوە هەروەها بۆ ماوەی دە ڕۆژە دووچاری ئەشکەنجە دەبنەوە. تامردن دڵسۆز بە، منیش تاجی ژیانت پێ دەبەخشم﴾.

تێبینییەکان

(بینین ٣: ٢١) ئەوەی سەربکەوێت ڕێگای پێ دەدەم لەسەر تەختەکەم لەگەڵ من دانیشێ، هەروەك من سەرکەوتم و لەگەڵ باوکم لەسەر تەختەکەی دانیشتم﴾.
(مەت ٢٥: ٢١) ﴿گەورەکەی پێی دەڵێت: باشت کرد ئەی کۆیلەی چاك و دەست پاك. دەست پاك بوویت لەکەمدا زۆرت پێ دەسپێرم. وەرە ژوورەوە بۆ خۆشی گەورەکەت﴾.

**(٣) داواکاریەکانی ئەم هیوایە:**

**١- تۆبەکردن و گەڕانەوە بۆ خوداوەند:**

نموونەی کچە پاکیزەکان و داناکان
(مەتتا٢٥: ١٢، ١٣) وەڵامی دایەوە: ڕاستیتان پێ دەڵێم، من ناتانناسم. کەواتە ئێشك بگرن، چونکە ڕۆژ وکاتژمێری گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ نازانن﴾.

**٢- پیرۆزی و ئێشکگرتن و نوێژ.**

(١یۆ ٣: ٣) هەروەها هەرکەسێك ئەم هیوایەی هەبێ، خۆی پاك دەکاتەوە وەك چۆن ئەوپاکە﴾.
(١ پەت ٤: ٧) کۆتایی هەموو شتێك نزیك بووەتەوە، بۆیە ژیرو چاوکراوە بن بۆ نوێژەکانتان﴾.
(٢ پەت ٣: ١١) گەر هەموو ئەو شتانە لەناو بچن، ئیتر پێویستە ئێوە چی جۆرە مرۆڤێك بن؟ دەبێ ژیانێکی پیرۆز و لە خواترس بژین؟﴾.

**٣- خۆڕاگری ودانبەخۆگرتن لە ناخۆشیەکان.**

(١ تەسالۆ ١: ٣) هەمیشەیادی کرداری باوەڕ ومانـدوو بوونی خۆشەویستی وئارام گرتنی هیواتان دەکەین)

**٤ــ شـایەتیدان (چاوەڕوانین وداواکاری خێرا و بەپەلەی هاتنەوەی ڕۆژی خوداوەندین)**

(مەتتا ٢٤: ١٤) مزگێنی ئەم پادشاهێتیە لەهەموو جیهان ڕادەگەیەنرێ، وەك شایەتیەك بۆمن لای هەموو میللەتان، ئینجا کۆتایی دێت﴾
(١ پەت ٣: ١٥) بەڵکو خوداوەند خودا پیرۆز بکەن لەدڵتان و بەردەوام ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوەی هەریەکێك بپرسێ سەبارەت بەم هیوایەی لەئێوەدایە، ئەوەش دەکەن با بە ڕۆح سوکی و ڕێزبێت﴾.
(٢ پەت ٣: ١٢) لە چاوەڕوانی و داواکاری خێراوبەپەلەی هاتنەوەی ڕۆژی خوداوەندبن کەبەو ئاسمان بەئاگر لەناو دەچێ وەتوخمەکانیش دەتوێنەوە لەگەرمیدا﴾.

(شایەتەکانی پەرتووك لەبارەی هیواوە)

(یۆ ١٤: ١ - ٣) ﴿دڵتەنگ مەبن. ئێوە باوەڕتان بەخودا هەیە کەواتە باوەڕیش بەمن

تێبینییەکان

بکەن ماڵی باوکم ژووری زۆری لێ یە، گەر وانەبوایە ئەوساپێم دەووتن،من دەڕۆم بۆ ئەوێ تاشوێنتان بۆ ئامادەبکەم دوای ئەوەی ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادەکردن، دەگەڕێمەوە لاتان و لەگەڵ خۆم دەتانبەم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کەمنی لێدەبم﴾

(کردار ١: ٩ - ١١) (ئەمەی ووت و لەبەرچاویان بەرز بۆوە بۆ ئاسمان، ئینجا هەورێك شاردیەوە لەبەر چاویان جارێ ئەوان بەسەرسامیەوە سەیری ئاسمانیان دەکرد، دووپیاو خۆیان نیشاندان بەجلی سپیەوە پێیان ووتن: ئەی جەلیلیەکان، بۆچی وەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەو عیسایەی لەنێوانتان بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان، ڕۆژی دێ بەهەمان شێوە بگەڕێتەوە بۆلاتان﴾

(تیتۆ ٢: ١٣) لەچاوەڕوانی هیوای پیرۆز، ڕۆژی دەرکەوتنی شکۆمەندی خودای مەزن و عیسای مەسیحی ڕزگارکارماندایین﴾.

(١ یۆ ٣: ٢، ٣) خۆشەویستان، ئێستا ئێمە ڕۆڵەی خوداین تائێستا دەرنەکەوتوە ئیمەدەبین بەچی، بەڵام دەزانین کاتێك ئەو دەرکەوێ ئیمە وەك ئەو دەبین، چونکە وەك خۆی دەیبینین. هەروەها هەر کەسێك ئەم هیوایەی هەبێ، خۆی پاك دەکاتەوە وەك چۆن ئەوپاکە﴾.

(١ پەت ٣: ١٥) بەڵکو مەسیح پیرۆز بکەن لەدڵتان و وەك خوداوەند ڕێزی لێ بگرن، هەروەها بەردەوام ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوەی هەریەکێك بپرسێ سەبارەت بەم هیوایەی لەئێوەدایە، ئەوەش دەکەن بابە ڕۆح سووکی و ڕێز بێت﴾.

(مەت ٢٥: ١٣) کەواتە ئێشك بگرن، چونکە ڕۆژ و کاتی گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ نازانن﴾

(مەت ٢٤: ٤٤) کەواتە ئێوەش ئامادەبن، چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ لەکاتێکدا دەگەڕێتەوە کە نایزانن)

(مەت ٢٤: ١٤) مزگێنی ئەم پادشاهێتیە لە هەموو جیهان ڕادەگەیەنرێ، وەك شایەتیەك بۆ من لای هەموو میللەتان، ئینجا کۆتایی دێ﴾.

(لۆ ٢٣: ٤٣) عیسا پێی ووت: (ڕاستیت پێ دەڵێم: هەر ئەمڕۆ لەگەڵم دەبیت لەبەهەشت﴾

(فیلیپی ١: ٢١، ٢٣) تامەزرۆی ئەوەم ئەم ژیانە بەجێ بهێڵم تا بچمەلای مەسیح ئەوەش باشترە﴾

(١کۆ ١٥: ١٩، ٢٠، ٤٩، ٥٨):

﴿گەر بێتوو هیوامان بەمەسیح تەنها بۆ ئەم ژیانە بێ، ئەوا ئیمە بەدبەختترین کەس دەبین لە نێو مرۆڤ﴾

﴿بەڵام لەڕاستیدا مەسیح لە نێو مردوان هەستایەوە و بوو بەنۆبەرەی نووستوان﴾

﴿جا چۆن ئەو وێنەیەمان وەرگرتوە کە لە خۆڵ دروستکراوە بە هەمان شێوە وێنەی ئاسمانی وەردەگرین﴾

تێبینییەکان

﴿کەواتە ئەی برایانی خۆشەویستم، جێگیر و چەسپاوبن، خۆتان بەتەواوی بۆ خوداوەند تەرخان بکەن، ئیتر بزانن ئەوەی بۆخوداوەندی دەکەن بێ سوود نییە﴾
(٢ پەت ٣: ١٠ - ١٤) بەڵام ڕۆژی خوداوەند وەك دز دێت، ئەوکاتە بەدەنگێکی بەرز ئاسمان نامێنێ، بەئاگرێکی توندیش هەروەها زەوی و هەموو ئەو کارانەی لەسەری کراوە دەسوتێنرێ. گەر هەموو ئەو شتانە لەناوبچن، ئیتر پێویستە ئێوە چ جۆرە مرۆڤێك بن؟ دەبێ ژیانێکی پیرۆز و لە خواترس بژین، لە چاوەڕوانی و هەوڵدان بن بۆ هاتنی بە خێرایی ڕۆژی خودا، چونکە لەو ڕۆژە ئاسمان بەئاگر لەناو دەچێ، توخمەکانیش بەهۆی گەرمی دەتوێنەوە.
بەڵام بەگوێرەی بەڵێنی ئەو ئێمە چاوەڕوانی ئاسمانی نوێ و زەوی نوێین کەڕاست و دروستی تیادا نیشتەجێیە. بۆیە خۆشەویستان، هەوڵ بدەن لەکاتێکدا چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەن، خودا بە ئاشتی بتانبینێ و هیچ کەم و کوڕیەکتان تیادا نەبێ﴾
(١ پەت ٤: ٧) کۆتایی هەموو شتێك نزیك بووەتەوە، بۆیە ژیرو چاوکراوە بن بۆ نوێژەکانتان﴾.

تێبینییەکان

## پرسیارەکانی جێبەجێ کردن لەبارەی هیواوە

١) (تیتۆ ٢: ١٣)
پێناسەی هیوا بکە، هیوا چیە؟

..............................................................

٢) لەژیانی کەسێتیدا کامەیە ئەو هیوایەی کەتیایدا دەژیت؟
١- باشترین جۆری کار
٢- ئاستی بژێوی زۆرباش
٣- ئاستی بەرزی ڕۆحی
٤- ..........................

٣) چی وات لێ ئەکات هاتنەوەی دووەمی مەسیح ڕاستی یەکی چەسپاو بێت بەلاتەوە؟

..............................................................

٤) ئەودە سکەوتە باشانەی بۆتۆیە لەهاتنەوەی دووەمی مەسیح بەلای خۆتەوە کامانەن؟

..............................................................

٥) هیوات بەگەڕانەوەی مەسیح تاچەند کاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردنەکانی ڕۆژانەت و شتە سەرەکیەکانت؟

..............................................................

Verbreitung christlicher Schriften
Postfach, CH-2500 Biel 8
info@dclit.net / www.dclit.net